# ( سەمای عەشق )

م . حەمید عەزیز

دڵم پڕە لە عەشقی تۆ هەناسەکەم وێڵ و شەیدای تۆم هەمیشە
وەرە ئیتر با سەماکەین و بژین چیمان داوە لە شەڕو قین و خیشە
کەس بە هەڵاو جەنگ و ماتەم هیچی نەکراو لەم ژینە بێ سەروبەرە
با ڕۆح تێکەڵ کەین من و تۆ عەشق و جوانی و خەندە باران بێتە پیشە
گیانم پڕە لە میهرو مەستیی تۆ دەبا ئەمشەو پەست و تەنها نەبم ئیتر
بۆچی بێ تۆ خەسار بێت ژین دوور لەتۆ ژین تاڵە وەکو زەهرو تاڵتریشە
سایەقەی ساماڵە کەژو کێو ئاڵتونە کەچی ڕوی بەلقیسی تۆ جوانترە عەزیزم
چی دی بێ ئەو نازیم ساتێ پەپوولەی جوانی و ڕۆحی پەپوولەکانی تریشە
کویچەباخە تووڵەڕێی پرچی قەفی زنجیری ئەو مانگ و کەوانە برۆی پێنوسە
چاوم ناچێتە خەو بیرم لای یارە بێ ئەو ژین پڕە لە خەم و بەزم و ئاریشە
زبر مەبن لە جوانی ژین و بوون بۆ ڕێگری هەناسەو سۆزو خۆشەویستین ئێوە
یەک جار ئەژین ئێمە واتای ژینە عەشق حەرامی مەکەن کە تاوان و غەدریشە
تۆراوە دڵ ئەگەر ڕۆژێ باڵای جوانی یار نەبینێ و خەندەو نیگا نەبارێنێ
بێ هۆ نی یە ئەم هەناسەبارانەی عەشق کە سبەی سەرەی نەگریسی مردنیشە
چاوم پڕە لەجوانی تۆ وەرە شاگووڵی گلێنەی من بەتۆوە جوانترە ئەم بوونە
تۆ لەیلا بیت یان شیرین ئەو دڵەی من هەردوکیانە هەم فەرهادو مەجنونیشە
خوا بتگرێ کە لەژیان هەر ڕەدووی پارەو ماڵی دنیا کەوتی ئەی مایە پوچ
ڕەدووی عەشق و جوانی و مەی بە ژیان خۆشە باخی دڵان و بەهەشتیشە
چاوم پڕە لەجوانی تۆ لەخۆشی تۆ بۆیە هەردەم ژین و بوون جوانتر دەبینم
ڕۆژێ نەبێ ڕووی مانگی تۆ تاریکە ژین پرسەیە هەر دۆزەخ و ماتەمیشە
دڵم پڕە لە بزەی تۆ بەو شەماڵەش دەژیم لە کیشوەری تۆوە هەڵدێ
تەمەن بەسەرچوو کەچی عومری هەژدەم بۆ باڵات دڵم دنیای عەشقە هەمیشە

Hamid773@hotmail.com